# شەونخون

سابیر صدیق

وا چەند شەوێکیش

گلێنە و دڵمی بۆ دەکەم بەماڵ

بەڵام دەزانم

ئێوارە تەمی

جەستەی هەردوکمان

دەبێ بە سووتووی

جگەرەی خەمێ

** ** **

ئاخر

لە ڕۆژگارێکدا "ئەو" خۆشیدەێم

من سۆزم بووە بە گۆڕ هەڵکەن.

ڕۆژێ چەند جارێ

خۆم دەنێمە چاڵ

** ** **

وا چەند ڕۆژێکیش

یادی دەکەمە گۆرانی دەم ڕێ

تۆ بڵێ ی لێره..

لەم شاخ و دۆڵە

هەورێ ، ڕێبوارێ

بایە باڵدارێ

دەستی نەخاتە سەرشانی قورسم

هەواڵێکی لای ئەوێ پێنەبێ

**                **                **

دڵە ڕاوکێیەک وەکو نیکۆتین

تێکەڵ بە ڕۆح و خوێنەکەم بووە

من دەڵێم ئەمە

نەخۆشیەکی باوی سەردەمە

لەگەڵ باروتا

تێکەڵ بە هەوای ئێواران بووە

**              **              **

وا چەند ڕۆژێکیش

یادی دەکەمە گۆرانی دەم ڕێ

بەڵام دەزانم

ئێوارە تەمێ

جەستەی عەشقمان

**دەبێ بە سووتووی**

**جگەرەی خەمێ**

**گوندی مالوومە** 1986